# گفتۆگۆی نیوان بەشداربووانی نیو ناوەندەکانی هەڵبژاردن و ئەندامانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق

## (لا لیل علاوی نعم للاسقلال کردستان)




## ئێمە دەنگ بە سەبەخۆی کوردستان دەدەین ..ئێمە دەنگ بە یەکیتی و پارتی نادەین



بەمەبەستی بانگەوازی خەلك بۆ بەشداری نەکردن و موقاتەعەی هەلبژاردن، رۆژی 1/23 ریکخراوی بەریتانیای حیزب لەیەکیك لە بنکەکانی دەنگدان لەشاری لەندەن، هەستا بە دانانی میزکتاب و تەبلیغات . هاوریانی حیزب بەخویندنەوەی تراکت و دروشمەکان وبلاوکردنەوەی بەیانامەو بلاوکراوەکانی حیزب سەرنجی خەلکی کورد و عەرب زمانی ئامادەبووی ئەوناوەی بۆلای خۆیان راکیشاو بەجۆرە فەزایی گفت و گۆ و دیالۆکی نیوان بەشداربوانی نیو ناوەندەکانی هەڵبژاردن و ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق پیکهات و بەم جۆرە دروشمەکان و بلاوکراوەکان خەلکی بردە نیو بیرکردنەوە و پرسیارکردنەوە:

*– پەنابەریکی کوردی عیراقی کەلەشاری "پۆرتسمۆس"ەوە هاتبوو ووتی: "من نازانم چی بکەم من نازانم من بۆ لێرەم ،پێم دەڵین وەرە بادەنگی کورد زیاتر بێ لەدژی عەرەب، من بۆ دەنگ بەیەکیتی و پارتی نەهاتووم" ..

*– پەنابەریکی تر ووتی: "ئەو قسانەی ئێوەی دەی کەن بۆ سەربەخۆی کوردستان بەتەوای راستن، .. باوەربکەن من لەکوردستانەوە تەکلیفم لێ کراوە بێم بۆ ئەم دەنگانە تا دەنگی کورد زیاتر بێ ..



*– پەنابەریکی تر توورەی دەی گریت و بەزمانیکی شکاوی عربی هاوار دەکات: " لالیل علاوی نعم للاسقلال.....

لەنیو ئاپوورەی خەلکدا قسەکەرانی حیزب ئاراستەی پیچەوانەی سیناریۆی فریودان و خۆلکردنە نیو چاوی خەلکەوە، راستیەکان بۆخەلکی روشن دەکەنەوە: " هەڵ بژاردن بۆ سەپاندنی دەولەتیکی قەومی – ئیسلامییەو ئەم هەلبژاردنە وەلام بەداخوازی خەلك ناداتەوە و هیچ بەرژەوەندیەکی ئەوانی تیدانیە، بگرە کۆمەلگای کوردستان و عیراق دەباتە نیو گیژاوی شەرو برسیتی و بیمافیەوە.. رفراندۆم هەرئیستا پێش هەڵ بژاردن وبۆ خواستی سەربەخۆی

کوردستان رێگایه نەك هەڵبژاردن.. هەموو ئێمە دەتوانیین لەدەوری کۆببینەوە ،13 ساڵە کوردستان لەدەولەتی مەرکەزی جیایە ،هەڵ بژاردن ئیلحاق کردنەوەی کوردستانە بەدەولەتی مەرکەزی .،ئەم هەڵ بژاردن نی یە .کورسی یەکان دابەش کراوە وەك چۆن لەپەرلەمانی کوردستان دەنگی ئێوە وەرگیرا پەنجا بە پەنجا دابەشیان کرد و پاشان 6 ساڵ شەری ناخۆ و مال ویرانی کرا ..ئیستاش دەڵێن ئێمە شەرعین و خەڵکی کوردستان دەنگی پێ داوین ..،مەچن مەچن بۆ ئەم سیناریوو گاڵتە جاری یە.

یەکیتی و پارتی 13 ساڵ نەیان توانی ژیانی کۆمەڵگای کوردستان رێك بخەنەوە بۆیە ئێوە لیرەن ..،وەرن دەنگ بۆ رفراندۆم بۆ سەربەخۆی کوردستان بدەن وەرن لەگەڵ ئێمەبن ......

ئەو هیزەی کەنوینەری خواستی زۆریەنەی لاوان و ژنان و پیرو پەکەوتەی خەڵکی عیراق وکوردستان نۆینەرایەتی دەکات و داوای دەست بەجی کۆتای هینان بەداگیرکاری تیرۆریزم دەکات، ئەوهیزەی لەپشت نان و ئازادی وئەمنیت و گیرانەوەی مەدەنیت و دامەزراندنی دەولەتیکی عەلمانی راوەستاوە .. ئەوە ئیمە کۆمۆنیستە کریکاریەکان و جەماوەری خەلکی کریکارو و زەحمەتکیشی عیراق و کوردستانین.. وەرن ئەم بەرەیە بەهیز بکەین تا خۆمان بەدەستی خۆمان چارەنوسمان دیاریکەیەن..

خەڵکی کوردستان باشترین فرسەت لەبەردەم دایە کەچیتر ریگانەدەن ژیانی ئیستا و داهاتویان بە دەولەتیکی قەومی وئیسلامی لەعیراقدا گری بدریتەوە.. کەوایە وەرن باهەموو پیکەوە نـــــا بلیین بۆ هەڵبژاردن و داوای بەرپارکردنی رفراندۆم بۆ سەربەخۆی کوردستان بکەین .. ئەمە تەنها براوی پیچەوانەیە کە تۆۆی تەوەهم وخۆل کردنە چاوی خەڵکی و شاردنەوەی راستی یەکان... بەدوای خۆیدا دینی..

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق \ رێکخراوی بەریتانیا**

2004-1-23

---

www.wpiraq.net
Tel:07734704742